# ڕۆڵی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانی

دلدار حسێن ناخۆش
زانكۆی سۆران، فاكەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەكان و بەڕێوەبردن، بەشی یاسا
Email: ddldarhsynn@gmail.com
پ. ی. د. عثمان مصطفى عبدالله
زانكۆی سۆران، فاكەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەكان و بەڕێوەبردن، بەشی یاسا
Email: othman.abdulla@soran.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تاوانکاریدا دەخاتە ڕوو، وەك هەستیارترین قۆناغی دادپەروەریی سزایی، جەخت لەسەر پێویستی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی پۆلیس بۆ دۆزینەوەی تاوان و پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکاتەوە، هەروەها بە ڕێبازی وەسفی . شیکاری و بەراوردکاری، دەقە یاساییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان شیکراونەتەوە، ئەنجامەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە، هەرچەندە یاسا دەسەڵاتی دیاریکراوی بە پۆلیس داوە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا فراوانکاری لە لێکۆڵینەوەدا لە لایەن پۆلیسەوە ڕوودەدات، کەچی لە بنە ڕەتدا پۆلیس تەنها لە حاڵەتی تەنگەتاویدا دەتوانێت کاری لێکۆڵینەوەبکات، بۆیە توێژینەوەکە جەخت لەسەر پەرەپێدانی توانا و هۆشیاریی یاسایی پۆلیس دەکاتەوە.

**وشە کلیلەکان:** (تاوانکاری، پۆلیس، لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، مافەکانی مرۆڤ).

## دور الشرطة في المرحلة المبكرة من التحقيق وأبعاده الدولية.

دلدار حسين ناخوش
جامعة سوران، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، قسم القانون.
Email: ddldarhsynn@gmail.com
أ. م. د. عثمان مصطفى عبدالله
جامعة سوران، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والإدارة، قسم القانون.
Email: othman.abdulla@soran.edu.iq

## الملخص:

**دور الشرطة في المرحلة المبكرة من التحقيق وأبعاده الدولية.**

تعالج هذه الدراسة دور الشرطة في المراحل الأولى من التحقيق الجنائي، باعتبارها المرحلة الأكثر حساسية في نظام العدالة الجنائية، مشددة على ضرورة تحقيق التوازن بين سلطة الشرطة في كشف الجرائم من جهة، وحماية حقوق الإنسان وحرياته الأساسية من جهة أخرى. تم تحليل النصوص القانونية الوطنية والدولية، والقرارات القضائية، والتقارير الدولية، باستخدام منهج وصفي وتحليلي ومقارن أيضا.

تشير نتائج البحث إلى أنه على الرغم من أن القانون يمنح الشرطة صلاحيات أوسع مما يجب، لذا توصي الدراسة بمراعاة حقوق الإنسان على حساب الصلاحيات الواسعة للشرطة .

الكلمات المفتاحية (الجريمة، الشرطة، التحقيق الابتدائي، حقوق الإنسان).

## The role of police in the early stage of investigation and its international dimensions.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

Dildar Hussein Nakhosh
Affiliation: Soran University, Faculty of Law, Political Science and Management, Department of Law.
**Email: ddldarhsynn@gmail.com**
Asst. Prof. Dr. Othman Mustafa Abdullah
Affiliation: Soran University, Faculty of Law, Political Science and Management, Department of Law.
The research is a master's thesis.
**Email: othman.abdulla@soran.edu.iq**

**Summary**

**The role of police in the early stage of investigation and its international dimensions.**

This paper presents the role of police in the early stage of investigation as the most sensitive stage of criminal justice, emphasizing the necessity for a balance between the power of the police to detect crimes and preserve fundamental human rights and freedom .

Moreover, national and international legal texts, judicial decisions and international reports have also been analyzed in a descriptive, analytical and comparative method .

The results indicate that although the law gives the police certain powers, however, in certain cases, there is an expansion of investigations; the police can only investigate in cases of emergency. Thus, the paper emphasizes on developing police’s legal capabilities and awareness.

Key words (Crime, Police, Early Investigation, Human Rights).

## ١. پێشەکی

لێکۆڵینەوەی تاوانکاری یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی دادپەروەری؛ چونکە بنەمای دۆزینەوەی تاوان و ناساندنی تاوانبار تیایدا دادەمەزرێت، پۆلیس ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە کۆکردنەوەی بەڵگە و ئەنجامدانی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەدا هەیە، بەڵام فراوانی دەسەڵاتەکانی هەندێك جار دەبێتە هۆی ململانێیەك لە نێوان پێویستییە ئەمنییەکان و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بۆیە، یاسا نێودەوڵەتییەکان و چاودێریی دادوەری هەوڵدەدەن ڕۆڵی پۆلیس لە چوارچێوەی یاسایی ڕێکبخەن، ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتەکانی پۆلیس و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی کۆمەڵگا و پاراستنی مافەکانی تاکەکانە.

### ١,١. کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە؛ دیاریکردنی سنووری دەسەڵات و ڕۆڵی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، وە تا چەند ئەو دەسەڵاتانە لەگەڵ بنەما یاسایی و ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ یەکدەگرنەوە هەروەها، توێژینەوەکە چاودێریی دادوەری لەسەر ڕێکارەکانی پۆلیس و کاریگەریی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی لەسەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاك دەخاتە ڕوو.

### ٢,١. ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی چەمك و ڕۆڵی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا و دەرخستنی بنەمای یاسایی دەسەڵاتەکانی لە یاسای عێراق و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها توێژینەوەکە سنووری چاودێریی دادوەری و کاریگەریی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی پۆلیس لەسەر مافەکانی مرۆڤ شیدەکاتەوە و

هەندێك ڕاسپاردە بۆ باشترکردنی کاری لێکۆڵینەوە بەگوێرەی بنەما یاسایی و نێودەوڵەتییەکان پێشکەش دەکات.

**٣,١. پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بداتەوە؛ لەوانە ڕۆڵ و سنووری دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، ئاستی یاسایی بوونی کارەکانی لێکۆڵەرانی پۆلیس، و کاریگەریی چاودێریی دادوەری لەسەر ڕێکخستنی ڕێکارەکانە هەروەها، توێژینەوەکە هاوگونجانی ڕێکارەکانی پۆلیس لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی لەسەر دادپەروەری و مافەکانی تاك دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

**٤,١. گریمانەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە هەرچەندە پۆلیس پێویستی بە دەسەڵاتی کارا هەیە بۆ دۆزینەوەی تاوان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا، بەڵام فراوانکردنی ئەو دەسەڵاتانە بەبێ چاودێریی یاسایی و دادوەری دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و لاوازبوونی بنەمای دادپەروەری و لە دەستدانی متمانەی گشتی.

**٥,١. گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بابەتێکی گرنگ و هەستیاری پەیوەست بە ئاسایش و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ دەخاتە بەر باس هەروەها، توێژینەوەکە ڕۆڵی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا لە ڕوانگەی یاسایی و نێودەوڵەتییەوە شیدەکاتەوە و خاڵە لاوازەکانی ئەو قۆناغە دەردەخات جگە لەوە، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش بۆ توێژەران و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ باشترکردنی سیستەمی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی بنەماکانی سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ.

## ٢. ڕۆڵی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانی

ئەفسەرانی پۆلیسی لێکۆڵەر لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی لێکۆڵینەوەدا هەندێك جار ڕووبەڕووی هەڵە و سەرپێچیی یاسایی دەبێتەوە، کە هەندێکیان بە ئەنقەست و هەندێکیشیان بە هۆی کەمتەرخەمی و پابەندنەبوون بە ڕێنمایی و چوارچێوە یاساییەکان ڕوودەدەن بۆیە، گرنگە ئەفسەری پۆلیسی لێکۆڵەر لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پابەند بەو چوارچێوە و بنەما یاساییانە بێت (الشواني، ٢٠٢٣: لا ١٥)، کە ئەم توێژینەوەیە لە دوو باسدا دەیانخاتەڕوو.

**١,٢. سیستەمی یاسای و بابەتی دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری**

لەم باسەدا، لە دوو تەوەرەی جیاواز دەپرژێینە سەر سیستەمی یاسای و بابەتی دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و بنەمای یاسایی بۆ دەسەڵاتی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا:

**١,١,٢. سروشتی یاسایی پۆلیس**

لەم تەوەرەیەدا، کە دابەشمان کردۆتە سەر چەند لقێکی جیاوازەوە، باسی سروشتی یاسایی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تاواندا دەکەین، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١,١,١,٢. پێگەی پۆلیس لە چوارچێوەی پەیکەری یاسایی دەوڵەتدا**

پۆلیس بریتییە لە کۆمەڵێك کەسی ڕاهێنراوی تایبەت کە لە لایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکرێن بۆ چەسپاندنی یاسا، پاراستنی سەقامگیری و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا، بە شێوەیەك کە ئارامی و ئاسایش بۆ تاکەکان دابین بکات (الرملاوي، 2013: لا 18 – 19).

لە چوارچێوەی یاساییدا: "یاسای ڕاژە و خانەنشینانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پیاوی پۆلیس بە یەکێک لە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پێناسە دەکات، بەبێ جیاوازی لە نێوان نێر و مێ، وەک ئەفسەر، ڕێپێدراو،

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

ئەفسەری ڕیز، پۆلیسی پیادە یان قوتابیی کۆلێژە پۆلیسییەکان".[1] یاخود پەیمانگا یان قوتابخانەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەگەر دەقێکی تایبەت لەم یاسایە دا نەبێت بە پێچەوانەی ئەوە.[2]

ئەفسەرانی پۆلیس تەنها جێبەجێکاری یاسا نیینە، بەڵکو ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان یاسا و کۆمەڵگانە، و پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بە ڕەچاوکردنی ماف و کەرامەتی تاکەکان هەڵسوکەوت بکەن، لە گرنگترین ئەرکەکانیان بریتین لە لێکۆڵینەوەی تاوان، کۆکردنەوەی بەڵگە، لێپرسینەوە لە شایەت و گومانلێکراوان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتە یاساییەکان هەروەها، پۆلیس بە پاراستنی ئاسایش و سنوردارکردنی تاوان، ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا دەبینێت (میران، ٢٠٢٥ : لا ٤٣ – ٤٤).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، پۆلیس ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆ و ڕێگریکردن لە تاوان هەیە، هەروەها ئەرکی لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دووای تاوانبارانیش ئەنجام دەدات. بەڵام، پێشگرتن لە تاوان بنەمای سەرەکیی کاری پۆلیس پێکدەهێنێت؛ چونکە پۆلیس هەوڵدەدات پێش ڕوودانی تاوان ڕێگری لێبکات و کاریگەرییەکانی سنووردار بکات، ئەمیش وەک ئەرکێکی ڕەسەن لە هەموو سیستەمە یاساییەکاندا دەمێنێتەوە (هەمان سەرچاوە، لا ٢٩).

سەربارەت بە پێکهاتە و پەیکەری پۆلیس لە دەوڵەتی عێراقدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەم یاساییانەی خوارەوە بکەین:

**یەکەم/** بەگوێرەی یاسای ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠١٦ ی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ڕونکراوەتەوە کە تیایدا پەیکەری هێزەکانی پۆلیسی ڕێکخستووە، ئەمیش بەم شێوەیەی خوارەوە:

بە گوێرەی ماددەی ٦ یەکەم/ أ ی ئەم یاسایە، وەزارەتی ناوخۆ وەکیل وەزیرێکی دەبێت کەوا تایبەتە بە کاروباری پۆلیسەوە و بە گوێرەی یاسا دادەمەزرێنرێت و بە گوێرەی بەندی سێیەمی هەمان ماددەش، وەکیلەکە یاریدەدەرێکی دەبێت، کە نابێت پلەی سەربازییەکەی لە لیوا کەمتر بێت و لە دەرچووانی کۆلێژی پۆلیس، یاخود کۆلێژی سەربازی بێت.

هەروەها سەبارەت بەو پێکهاتانەی کەوا پەیوەستن بە وەکیلی وەزیر بۆ کاروباری پۆلیس، ئەوا ئەمەشیان بە گوێرەی بەشی چوارەمی ماددەی (٩) و بڕگەی سێی ئەو یاسایە، ڕوون کراوەتەوە، کە گرینگترینیان بریتین لەم بەڕێوەبەرایەتیانە (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تاوان و جموجۆڵەکان (الحركات)، بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆ، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگاکان و دامەزراوەکان، بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی دامەزراوەکان و کەسایەتییەکان لە بەغدا)، (هەمان سەرچاوە: لا 11).

بەڵام سەبارەت بەو کەسەی کە دەبێتە فەرماندەی پۆلیسی دەوڵەت، هەروەک لە ماددەی (٩/پێنجەم/أ) دا هاتووە، ئەوا بە پێی ماددەی (١٠/دووەم/أ)ی هەمان یاسا، دەبێت ئەفسەرێک بێت پلەکەی لە لیوا ڕوکن کەمتر نەبێت و بڕوانامەی کۆلێژی سەربازیی یان کۆلێژی پۆلیسی هەبێت. هەروەها بە گوێرەی بڕگەی (ب) ی هەمان ماددە، ئەوا فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیس سەرۆک ئەرکانێکی دەبێت کە پلەکەی لە عمید ڕوکن کەمتر نەبێت.

**دووەم/** کەچی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، یاسای وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستانی – عێراق، ژمارە (6)ی ساڵی 2009 لە ماددەی یەکی بڕگەی شانزە پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس ڕوونکراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن شارەزایی و پسپۆری لە کارەکەی خۆی بەڕێوەی دەبات**: کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و لە ئەفسەرەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ بێت و پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ، دوو یاریدەدەر یارمەتیی دەدەن کە پلەیان لە ڕائید کەمتر نەبێ و پاراستنی سیستەمی گشتی دەگرێتە ئەستۆ لەگەڵ پیادەکردنی سەروەریی یاسا و

[1] . کۆلێژی پۆلیس جەخت لە سەر یەکانگیریی تیۆری و ڕاهێنانی زانستی دەکاتەوە، بە جۆرێک کە قوتابی فێری بنەماکانی یاسا و دادپەروەریی تاوانکاریی دەکات، لەگەڵ ئەو کارامەییە مەیدانییانەی کەوا پۆلیس لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانەی خۆیدا پێویستیی پێیان دەبێت. (میران، ٢٠٢٥: لا ٤٧).

[2] . ما ددەی (٦/١)ی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخو ژمارە (١٨) ی سالی ٢٠١١.

هەرچی پەیوەندیدار بێ بە کاروباری پۆلیس، وە بارەگای گشتیی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسیش لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکدێت: (بەڕێوەبەرایەتی تاوان و جموجوڵ، بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی، بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری، بەڕێوەبەرایەتی ئامار، بەڕێوەبەرایەتی مەشق و شیاندن و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی ئافرەت).

- **هەروەها ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پێوەدەلکێت:** (بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی پارێزگاکان، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی لە پارێزگاکاندا، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای پارێزگای هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستانەکان و ژینگە لە هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دەزگاکانی نەوت، بەڕێوەبەرایەتی ساغکردنەوەی بەڵگەکانی تاوان لە هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتی موخابەرەی پۆلیس، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی لە فرۆکەخانەکان و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاکییە شارستانییەکان لە هەرێمدا).

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی بەراوردکاری یاسای وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارە (20)ی ساڵی 2016 و یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارە (6)ی ساڵی 2009 لە رووی رێکخستنی پەیکەری پۆلیس شیدەکاتەوە. توێژینەوەکە دەردەخات کە یاسای عێراق زیاتر لەسەر سیستەمێکی ناوەندی و کۆنترۆڵی یەکگرتوو پشت دەبەستێت، لە کاتێکدا یاسای هەرێمی کوردستان پەیکەرێکی وردتر و پسپۆڕانەتری رێکخستووە و بوارگەلێکی نوێی وەک بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزانی، پاراستنی ژینگە و پۆلیسی کارەبا لە خۆ گرتووە. هەروەها، یاسای هەرێم زیاتر گرنگی بە بڕوانامە و پسپۆڕی دەدات، بەڵام یاسای عێراق جەخت. لەسەر پلە و ئەزموونی سەربازی دەکاتەوە. سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، هەردوو یاساکە هاوبەشن لە ئامانجی پاراستنی ئاسایش، جێبەجێکردنی یاسا و خزمەتکردنی کۆمەڵگا.

**٢,١,١,٢. رۆڵی یاسایی پۆلیس لە رێکارە دادوەریەکاندا**

ئەرکی سەرەکی ئەندامانی رێکخستنی دادوەری کە سەرکیترینیان پۆلیسە، گەڕان و کۆکردنەوەی بەڵگەیە، بەڵام بەرپرسی بنکەی پۆلیس بارێکی تایبەتتری بۆ دانراوە، کە بە چەند ماددەیێکی یاسایی رێکخراوە و دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ رێکارەکانی بەرپرسی بنکەی پۆلیس کاتێک هەواڵی روودانی تاوانێکی پێدەگات:**

هەر کاتێک کە هەواڵی روودانی تاوانێک بە بەرپرسی بنکەیێکی پۆلیس دەگات، ئەوا دەبێت کورتەی ئەو هەواڵە، وە کاتی هەواڵدانەکە لە تۆماری بنکە بنوسێتەوە، پاڵپشت بە ماددەی (49/ج)[٣] لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی بەرکار، ئینجا بە پێی جۆری رووداوەکە بەوەی کە ئایا بینراوە یاخود نەبینراو بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵە دەکرێت:

- **لە تاوانی بینراو:** ئەندامی رێکخستنی دادوەری لە سنوری تایبەتمەندییەکەی، هەمان دەسەڵاتی کارمەندی پۆلیسی هەیە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا پاڵپشت بە ماددەی (43) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی بەرکار.[٤] هەروەها سەبارەت بەم تاوانە، ئەوا لە ماددەی (١/ب) یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزاییەوە هاتووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (تاوانەکە بە بینراو دادەنرێت، ئەگەر هاتوو لە کاتی ئەنجامدانیدا، یاخود لە دوای ئەنجامدانیدا بە ساتێکی کەم بینرا، یاخود ئەگەر قوربانییەکە بە دوای ئەنجامدەری تاوانەکە کەوتبوو، لە دوای ئەنجامدانی، یاخود جەماوەرەکە بە هۆیها و هات و هاوار بە دوای کەوتبوون، یاخود ئەگەر ئەنجامدەرەکەی بە ماوەیێکی کەم لە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە بینرا کە چەک یان کەل و پەل یان بەڵگە و شتی تری هەڵگرتووە، کەوا نیشانەی ئەوە بن ئەو بکەری تاوانەکەیە، یاخود بەشدارە تیایدا، یاخود ئەگەر لەو کاتەدا نیشانە و بەڵگەیێکی وای پێوە دیاربوو، کەوا ئەو ئەنجامدەرەکەیەتی).

---

[٣] . ما ددەی (٤٩/ج) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١.
[٤] . بڕوانە ماددەی (٤٣) یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

بە پێی دەقی ئەم ماددەیەی سەرەوە، ئەوا تاوانەکە لەم سێ حاڵەتەدا بە بینراو دادەنرێت:

- **بینینی تاوانەکە لە کاتی ئەنجامدانیدا:** مەبەست لە بینینی تاوان، شاهێدیکردنی ڕاستەوخۆی ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکارانەیە کە ڕوکنی ماددی تاوان پێکدەهێنێت، وەکو لێدان، دزی، بەرتیل وەرگرتن یان هەر کردەوەیەکی دژ بە یاسا، ئەم بینینە تەنها بە چاو نابێت، بەڵکو هەستپێکردن بە تاوانەکە بە یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤیش دەگرێتەوە، کە بریتین لە:

➢ بینین: ئەمەیان شێوەی ڕاستەقینەی بینینی تاوانەکەیە، واتە تاوانەکە بە خودی چاو ببینرێت، هەرچیی هەستەکانی ترن، ئەوا مەجازی و هاوشێوەی بینینەکەن.

➢ دەست لێدان: وەک دەستدان لە ماددەی هۆشبەر بە دەست یاخود ماددەیێک کە ژەهراوی بێت.

➢ بۆن کردن: وەکوو ئەوکەسەی کەوا بۆنی مادده هۆشبەرەکان یاخود گازێکی خنکێنەر دەکات.

➢ بیستن: وەکوو بیستنی دەنگی گوللە و دواتر بینینی لاشەی کوژراوەکە.

➢ تام کردن: وەک چەشتنی تامی ماددەی هۆشبەر، یان خۆراکی خراپ و نادروست بۆ بەکار هێنان.

- **بینینی تاوانەکە لە دوای ئەنجامدانی بە ماوەییێکی کەم:** مەبەست لەم حاڵەتە ئەو ماوە کورتەیە کە دوای ئەنجامدانی تاوان ڕوودەدات، بەجۆرێك کە تاوانکار هێشتا لە شوێنی تاواندا بێت و دوور نەکەوتبێتەوە، واتە هەندێك نیشانەی تاوان وەکو ئاگر، هەڵهاتن یان ئاسەوارەکان دیار بن، هەرچەندە خودی تاوانکار بە چاو نەبینرابێت.

- **بە دواکەوتنی تاوانکارەکە لە لایەن قوربانییەکەوە، یاخود خەڵک و جەماوەرەکە بە هات و هۆیها و هاوارەوە بە دوای کەوتبن، ئەمیش لە دوای ڕوودانی تاوانەکە.**

ئەم بە دوا کەوتنەش، واتە شوێن پێ هەڵگرتنی کەسی تاوانکارەکەیە لە لایەن قوربانییەکە یاخود جەماوەرەکە، لە گەڵ هات و هاوار، ئەم بە دواکەوتنەش ڕاکردنی خێرای پێویست نییە، بەڵکو ئاماژە پێ کردن و هۆیها لە بە دواکەوتنی، بەڵگەیە لەسەر بوونی حاڵەتی تاوانی بینراو.

"مەبەست لە هات و هاوار کردنەکەش، داوا کردنی یارمەتییە لە لایەن قوربانی یاخود جەماوەرەکەوە تاکو کەسی ئەنجامدەری تاوانەکە دەستگیر بکرێت و نەهێڵرێت ڕابکات، ئەمەش وەکو ئەوەی کە بڵێن: ها دزەکە بگرن، ها بکوژەکە دەستگیر بکەن، ها ئەو شوفێرە بگرن کەوا منداڵەکەی شێلا، یاخود هەر دەستەواژەیێک کەوای لێ تێبگەن کە تاوانێک یاخود ڕوودوایک ڕوویداوە" (الأسدي، ٢٠١٨).

ئەوەی جێگای پرسیارە ئایە دەسەڵاتی ئەندامی بەرزەفتی دادوەری چییە لە حاڵەتی ڕاکردنی تۆمەتبار لە تاوانی بیندراو کە بە دڵنیاییەوە دەستگیر ناکرێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەوترێت کە هەرکارێك لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکێك کە لە یاسادا دیاریکراوە ئەنجام بدرێت بە تاوان دانانرێت و هیچ بەرپرسیارێتییێکی تاوانکاریش بەسەر ئەنجامدەرەکەیدا ناسەپێنرێت، واتە یاسادانەر بۆی نییە سزای کەسێك بدات لەسەر کارێك کە پابەند کراوە بە ئەنجامدانی، ئەمەش بنەماییێکی گشتییە کە یاسادانەری عێراق لەبەر چاوی گرتووە، پاڵپشت: بە دەقی ماددەی (٣٩)ی یاسای سزاکانی عێراق کە تیایدا هاتووە و دەڵێت (تاوان نییە ئەگەر کردەوەیەك لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکێکدا ڕووبدات کە بە یاسا سەپێنراوە)، (گۆرۆنی٢٠٢٥: لا١٨٠).

❖ **لە تاوانی نەبینراو:** ئەرکی بەرپرس لە بنکەی پۆلیس لە کاتی هەواڵ پێگەیشتنی لە ڕوودانی ئەم جۆرە تاوانانەدا، لە دووبار دا کۆ دەکەینەوە:

- ئەگەر تاوانەکە جۆری (جنحە یان جنایە) بێت: بەرپرسی بنکەی پۆلیس کاتی هەواڵی ئەم جۆرە تاوانانەیان بۆ دێت، یەکسەر وتەکانی هەواڵدەر بنوسێتەوە و واژووی هەواڵدەر لەسەر نوسینەکە وەربگرێت، وە ڕاپۆرتێك سەبارەت بەمە بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر بنێرێت پاڵپشت بە ماددەی (49) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی بەرکار.[٥]

---

[٥] . ماددەی (٤٩/أ) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١.

- ئەگەر تاوانەکە لە جۆری سەرپێچی یان مخالفە بێت: لەم بارەیاندا، "دەبێت راپۆرتێکی کورت بنێردرێت بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لێکۆڵەری دادی، کە تیایدا ناوی هەواڵدەر و ناوی گەواهیدەر و ئەو مادده یاساییەی کە لەسەر رووداوەکە جێبەجێ دەبێت دەنوسێت،[٦](عزیز، 2025: لا 67 – 69).

**دووەم/ ئەو بارانەی کە بەرپرسی بنکەی پۆلیس دەسەڵاتی لێکۆڵەری هەیە:**

رۆڵی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا بە گوێرەی ماددەی (٥٠) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی رێکخراوە، کە سێ بار لە خۆی دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ئەو بارەی کە پێشتر باسمانکرد، بە پێی ماددەی (49) یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی عێراق، کە بریتییە لە وەرگرتنی وتەی ئامادەبووان، لە شوێنی رووداني تاوانەکە لە حاڵەتی کتوپڕ و تەنگەتاویدا، بۆ پارێزگاریکردن لە بەڵگە تاوانییەکان.
- ئەگەر فەرمانی پێکرا لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لێکۆڵەر، بەوەی کە لێکۆڵینەوە لە تاوانێکدا بکات.
- پێی وابوو، کە ناردنی هەواڵدەرەکە بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لێکۆڵەر دەبێتە هۆی دواکەوتنی رێککارەکان، لە دەرەنجامی ئەمەشدا: ئاسەواری تاوانەکە لە ناو دەچێت، یان زەرەر بە ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە دەگات، یان دەبێتە هۆی هەڵاتنی تۆمەتبار.[٧]

لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەڵگەکاندا، پۆلیس پێویستە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لێکۆڵینەوەدا پابەند بە دەقە یاساییەکان بێت. یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١، بە تایبەتی ماددەی (٤٩)، رێکار و ئەرکە پێویستەکانی بەرپرسی بنکەی پۆلیس دیاری دەکات لە کاتی هەواڵپێدان بە رووداني تاوان.

**٢،١،٢. بنەما و سنووری یاسایی بۆ دەسەڵاتی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەدا**

لێکۆڵینەوەی تاوانکاری بە یەکێك لە هەستیارترین قۆناغەکانی دۆزینەوەی تاوان دادەنرێت؛ چونکە رێکارەکانی وەکو گرتن، گەڕان و لێپرسینەوە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاك هەیە بۆیە، سروشتی لێکۆڵینەوە سروشتێکی دادوەرییە و پێویستە لە ژێر چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوە دابێت، یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراق ژمارە (23)ی ساڵی 1971، لەگەڵ سپاردنی هەندێك دەسەڵات بە پۆلیس بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان، جەخت لەسەر مەشروعیەتی و پاراستنی مافەکان دەکاتەوە هەروەها، ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ پێداگری لەسەر چاودێریی دادوەری، مافی بەرگری، بنەمای بێتاوانی و قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان دەکەن، بۆ دابینکردنی هاوسەنگی نێوان بەرەنگاری تاوان و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك، کەواتە بۆ دیاریکردنی بنەماکان و سنووری دەسەڵاتی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، دەتوانین ئاماژە بەم دوو لقەی خوارەوە بدەین:

**١،٢،١،٢. بنەما یاساییە ناوخۆییەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەدا**

لە یاسای عێراقدا، پۆلیس وەک (ئەندامی بەرزەفتی دادوەری) لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە چوارچێوەی دەقی یاسادا دیاریکراون و گرنگترین ئەرکەکانی بریتین: لە "هەواڵدان لە تاوان، کۆکردنەوەی بەڵگەکان و گلدانەوەی تۆمەتباران تا کاتی خستنەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە" وەك ئەمانەی خوارەوە:

- وەرگرتنی هەواڵدان و سکاڵاکان: لێرەدا پۆلیس پابەندە بە وەرگرتنی هەر هەواڵدانێك لە تاوانێکدا وە بەرزکردنەوەی بۆ لای دادوەری لێکۆڵێنەوە.

---

[٦] . بڕوانە ماددەی (٤٩/ب) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١.

[٧] . بڕوانە ماددەی ٥٠ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێڕاقی ساڵی ١٩٧١.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

- گرتنەبەری ڕێ و شوێنە پارێزگارییەکان: ئەمەیان پارێزگاریکردن لە شانۆی تاوانەکە دەگرێتەوە، هەروەها قەدەغەکردنی کەسانی سەر شانۆکە لە جێ هێشتنی تا ئەو کاتەی فەرمانە دادوەرییەکان دەردەچن.
- پشکنین و کۆنترۆڵکردن: تەنانەت لە حاڵەتی تاوانی بینراودا ئەوا کاری پشکنینەکە ڕەوا و یاساییە یاخود بە بڕیارێکی دادوەری بێت کە بڕیاری پشکنینەکە لە دادوەری تایبەتمەندەوە دەرچوبێت.

هەموو ئەم وردەکاریانەی سەرەوە و زیاتریش لە ماددەکانی (39)،[8] (40)[9]ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی ژمارە 23ی ساڵی (1971)ی هەموارکراو ڕونکراونەتەوە، کە بە شێوەیەکی ورد دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری لە نێوانیشیاندا (پۆلیس)یان لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا دیاریکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ماددەی (43)[10] هەمان یاسا چۆنیەتیی چوونی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی دەست نیشانکردووە.

**٢,٢,١,٢. سنووورە بابەتییەکانی دەسەڵاتی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا**

بەهۆی کاریگەریی دەسەڵاتەکانی پۆلیس لەسەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، یاسا چەند سنوور و کۆتێکی بۆ دیاریکردووە کە پێویستە پۆلیس لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا پابەندیان پێوە بکات. ئەم سنوورانە بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی نادروستی ئامرازەکانی چەوساندنەوە و پاراستنی ژیان، ماف و کەرامەتی تاکەکان دانراون، هەروەها جیاوازییان هەیە لە نێوان حاڵەتی ئاسایی و دۆخە نائاسایی و ئاڵۆزەکاندا (الظفيري، ٢٠٢٠: لا ١٥١٩).

لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بە پێی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقیی بەرکار، سنووری دەسەڵاتەکانی پۆلیس ڕوون بکەینەوە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پێویستە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا لە دوای ئامادەبوونی تۆمەتبار، لێپرسینەوە لەگەڵی دەستپێبکات و پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە، کەسێتیی تۆمەتبار و تۆمەتەکانی ئاگادار بکرێتەوە هەروەها، دەبێت گوفتارەکانی تۆمەتبار و بەڵگەکانی بۆ نکۆڵیکردن لە تاوانەکە تۆمار بکرێن.[11]
- دووبارە لێپرسینەوە لە تۆمەتبار تەنها لەو بارانەدا ئەنجام دەدرێت کە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی پێویست بێت. هەروەها، بە پێی یاسا تۆمەتبار مافی بێدەنگ بوونی هەیە و نابێت ناچار بە دانانی دانپێدانان یان وەڵامدانەوە بکرێت. بێدەنگی تۆمەتباریش ناتوانرێت وەک بەڵگەی دژ بە خۆی بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەتوانێت هەرکاتێک بیەوێت قسە بکات یان وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.[12]
- ئەگەر ڕوون بووەوە کە تۆمەتبار شایەتی لە دژی تۆمەتبارێکی تردا هەیە، ئەوا شایەتیەکەی تۆمار دەکرێت و سکاڵای هەر یەکێکیشیان جیا دەکرێتەوە.[13]
- دروست نییە هیچ هۆکارێکی ناچارکردن بۆ بە زۆر دان پێدانان و گوفتار لێوەرگرتن لە دژی تۆمەتبار بەکاربهێنرێت، جا چ بە هێزێکی ماددی یاخود دەروونی بێت. هەروەها سوێند پێخواردنی کەسی تۆمەتبار بە ناچارکردنێکی دەروونی قەدەغە دادەنرێت.[14]
- پێویستە وتەکان لە ناو تێنوسێکدا تۆمار بکرێن و دواتر تۆمەتبار و لێکۆڵەر واژووی لەسەر بکەن، هەروەها ئەو شاهێدانە تۆمار دەکرێن کە تۆمەتبار داوای گوێگرتنی کردووە لێیان بۆ سەلماندنی بێتاوانی خۆی.[15]

---

٨ . بڕوانە دەقی ماددەی (٣٩)ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی عێڕاق.

٩ . بڕوانە دەقی ماددەی (٤٠)ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی عێڕاق.

١٠ . بڕوانە دەقی ماددەی (٤٣)ی هەمان یاسا.

١١ . بڕوانە ماددەی ١٢٤ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١.

١٢ . بڕوانە ماددەی ١٢٥ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١ .

١٣ . بڕوانە ماددەی ١٢٧- ١٢٦ ی هەمان یاسا، وە مادەی ٣٣٣ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.

١٤ . بڕوانە مادە ١٢٨ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١.

١٥ . الأمم المتحدة، مدونة لقواعد سلوك الموظفين المكلفين بانفاذ القوانين، 1979.

ئەم خاڵانە، هەرچەندە ڕوون و ئاشکران، بەڵام ئاماژە بەو بنەما و تایبەتمەندییانە دەدەن کە پێویستە لە هەر ئەندامێکی پۆلیس و فەرمانبەرێکی جێبەجێکاری یاسادا بوونیان هەبێت، بە تایبەتی لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکان، ئەرکە یاساییەکانی پۆلیس، وەک پشکنین، لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردن، پێویستی بە پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە شکۆ و مافی مرۆڤ هەیە، بە بێ جیاوازی لە نێوان تاکەکان. هەروەها، هیچ کارمەندێکی پۆلیس ناتوانێت زێدەڕۆیی، توندوتیژی یان سزای جەستەیی بە بیانووی جێبەجێکردنی فەرمان، دۆخی نائاسایی یان بارودۆخی جەنگی ڕەوا بکات. ئەم جۆرە ڕەفتارانە پێچەوانەی یاسا و شکێنەری شکۆی پۆلیس و دەزگای جێبەجێکردنی یاسان.

**٢,٢. لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا و چاودێری دادوەری بەسەریدا.**

لەم باسەدا تاوتوێی سنوور و بنەمای دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و چاودێریی دادوەریی بەسەر ئەدای ئەم دەسەڵاتانە دەکەین، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١,٢,٢. سنور و بنەمای دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە یاسا نێودەوڵەتییەکان لە لێکۆڵینەوەدا**

لەم تەورەیەدا باسی چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانە دەکەین کەوا ئەفسەر و کارمەندی پۆلیس بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا هەیەتی، کە دابەشمان کردۆتە سەر دوو لقی جیاوازەوە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١,١,٢,٢. سنووری دەسەڵاتی پۆلیس لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا**

لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، دەسەڵاتەکانی پۆلیس بە ستاندارد و بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ سنووردار دەکرێن، بە مەبەستی هاوسەنگی نێوان جێبەجێکردنی یاسا و پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان. لە گرنگترین ئەم بنەمایانە، ڕێسای ڕەفتاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاربەدەستانی جێبەجێکردنی یاسایە کە بە بڕیارنامەی (١٦٩/٣٤)ی ئەنجومەنی گشتی لە ساڵی ١٩٧٩ پەسەندکراوە و جەخت لە ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و سنووردارکردنی بەکارهێنانی هێز دەکات. بەپێی ئەم ڕێسایە، بەکارهێنانی هێز تەنها دەبێت بە ڕادەی پێویست بێت، بۆ ئەوەی لە زێدەڕۆیی و بەکارهێنانی نادروستی دەسەڵات لە کاتی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەدا ڕێگری بکرێت.[١٦]

هەروەها مادەی پێنجەمی یاساکە ئەشکەنجەدان یان مامەڵەکردن یان سزادانی دڕندانە، نامرۆڤانە، یان سووکایەتیکردن قەدەغە دەکات، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو شێوازانەی لێکۆڵینەوە هەیە کە پۆلیس دەتوانێت لەکاتی کۆکردنەوەی بەڵگەدا بەکاریبێنێت. ئەم یاسایانە بەڵگەنامەیێکی دیکەی نێودەوڵەتی بەهێز دەکەن، بنەما بنەڕەتییەکانی بەکارهێنانی هێز و چەکی ئاگرین لەلایەن بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاسا، کە لە هەشتەمین کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ڕێگریکردن لە تاوان و مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران لە هاڤانا لە ساڵی ١٩٩٠ پەسەندکراوە.[١٧]

جگە لەوەش دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە کاتی لێکۆڵینەوەکانی تاوانکاریدا پەیوەستن بەو مافە بنەڕەتیانەی کە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦دا هاتووە، بەتایبەتی ئەو مادانەی تایبەتن بە مافی ژیان، ئازادی کەسی، ئازادی لە دەستگیرکردنی ئارەزوومەندانە و مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە. لە ماددەی نۆی پەیماننامەکەدا هاتووە کە هیچ کەسێک نابێت بە ئارەزووی خۆی دەستگیر یان ڕابگیرێت و هەرکەسێک دەستگیرکرا دەبێت بەپەلە لە هۆکاری دەستگیرکردنەکەی ئاگادار بکرێتەوە و بخرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری کارامە. بەم پێیە ئەم ڕێسا نێودەوڵەتییانە چوارچێوەیەکی یاسایی گشتی پێکدەهێنن کە سنووری ڕەوای دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا دیاری دەکات و دەوڵەتەکان پابەند دەکات کە ئەم ستانداردانە بخەنە ناو یاسا

[١٦] . مؤتمر الأمم المتحدة الثامن لمنع الجريمة ومعاملة المجرمين، هافانا، 1990.

[١٧] . الأمم المتحدة، العهد الدولي الخاص بالحقوق المدني والسياسية، 1966.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

نیشتمانییەکانیانەوە و بەپێی ئەو سنوورە پۆلیسەکانیان ڕابهێنن. ئامانج لێی دڵنیابوونە لەوەی کە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی بەڵگە، گرتن و لێپرسینەوە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و سەروەری یاسادا یەکدەگرێتەوە.[18]

سەرەڕای ئەوەش، ڕێنمایە نێودەوڵەتییە مۆدێرنەکانی وەک بنەماکانی ئەندێز[19] سەبارەت بە چاوپێکەوتنی کاریگەر هاندەری شێوازەکانی چاوپێکەوتنی لێکۆڵینەوەن کە لەسەر بنەمای ستانداردە زانستی و ئەخلاقییەکان دامەزراوە نەک پراکتیکەکانی لێکۆڵینەوەی زۆرەملێ، ئەمەش گۆڕانکاری بەرەو تەکنیکەکانی لێکۆڵینەوەی ڕێزگرتن لە مافەکان بەهێزتر دەکات. لە ئەنجامدا یاسای نێودەوڵەتی تەنیا دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بە دەسەڵاتدارانی پۆلیس نادات؛ لە هەمان کاتدا پارێزبەندی یاسایی توند دادەمەزرێنێت بۆ ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە، ئەم پارێزبەندیانە دڵنیای دەدەن لەوەی کە لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان ئامانجی دادپەروەری بەدوادا دەگەڕێن و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەپارێزن، بەمەش هاوسەنگی لە نێوان پێویستی جێبەجێکردنی یاسا لەگەڵ پاراستنی ئازادییەکانی تاکدا دروست دەکات.[20]

دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا بە بنەما و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ سنووردار دەکرێن، بە مەبەستی پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان و ڕێگری لە پێشێلکاری، ئەم ستانداردانە جەخت لە ڕێزگرتن لە مافی تۆمەتباران و بەشدارانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە دەکەن، بە تایبەتی لە بواری دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردندا هەروەها، ماددەی نۆی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان جەخت دەکاتەوە کە هیچ دەستگیرکردنێک نابێت ئارەزوومەندانە بێت و دەبێت لەسەر بنەمای یاسایی و چاودێری دادوەری ئەنجام بدرێت(Joseph & Castan، ٢٠١٣: لا ٣٠٨).

**٢,١,٢,٢. لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە تاوان بە پێی بنەما نێودەوڵەتیەکان:**

لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لە سیستەمی یاسایی مۆدێرندا لەسەر بنەمای ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دامەزراون، بە مەبەستی دڵنیابوون لە کاریگەریی لێکۆڵینەوە و پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤ. ئەم بنەمایانە جەخت لە سەربەخۆیی، بێلایەنی و بابەتگەرایی لێکۆڵینەوەکان دەکەنەوە، بۆ گەرەنتیکردنی یەکپارچەیی لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەکان و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان هەروەها، پێویستە لێکۆڵینەوەکان بە وردی، لە کاتی خۆیدا و بە شێوەیەکی شەفاف ئەنجام بدرێن، لەگەڵ ڕێگەدان بە چاودێری گشتی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی قوربانییان، ستانداردە نێودەوڵەتییەکان هەروەها ئەشکەنجەدان و زۆرەملێکردن بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان قەدەغە دەکەن و جەخت لە بەکارهێنانی شێوازی یاسایی و مرۆڤانەی لێکۆڵینەوە دەکەنەوە، کە ئەمەش بەهێزکردنی متمانەی گشتی بە سیستەمی دادپەروەری لێدەکەوێتەوە (Human Rights Standards and Practice for the Police ٢٠٠٤).

لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس بە پێی بنەما نێودەوڵەتییەکان لەسەر ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا، بێلایەنی و هاوکاری نێودەوڵەتی دامەزراون، لەگەڵ پابەندبوون بە بنەماکانی پێویستی و ڕێژەیی لە بەکارهێنانی هێزدا، ئەم ستانداردانە لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە و پیشەیی دابین دەکەن و جەخت لە پاراستنی کەرامەت و مافەکانی تۆمەتباران و ڕێگری لە مامەڵەی نامرۆڤانە دەکەنەوە وەك:

- ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ: پابەندبوون بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، گەرەنتیکردنی مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، و گریمانەکردنی بێتاوانی تا ئەو کاتەی تاوانباری دەسەلمێنرێت.

---

[18]. بڕوانە مؤتمرات الأمم المتحدة لمنع الجريمة ومعاملة المجرمين، لەم بەستەرەی خوارەوە: https://www.unodc.org/congress/ar/previous-congresses.html

[19] . مبادئ أنديز لإجراء التحقيقات والمقابلات الفعالة، ٢٠٢١. یاخود بنەماکانی ئەندێز: بە شێوەیێکی گشتی بەو بنەما و ڕێنماییانە دەگوترێت کە پەیوەندیدارن بە دادپەروەری سزایی و مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی لە بواری کار و دەسەڵاتی لێکۆڵەری دادی، ئەم بنەمایانە لە زۆربەی سیستەمە یاساییەکاندا وەک ڕێنیشاندەر بۆ پاراستنی ماف و دادپەروەری بەکاردهێندرێن، گرنگترین بنەماکان بریتین لە: (بنەمای یاسایەتی، بنەمای بێلایەنی، بنەمای سەربەخۆیی، بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بنەمای نهێنی، بنەمای خێرایی، بنەمای شەفافێتی).

[20] . بڕوانە ماددە (١٢٣/أ)ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی ژمارە ٢٣ ی ساڵی ١٩٧١.

- ڕاهێنان و پیشەییبوون: دەوڵەتان پابەندن بە دڵنیابوون لەوەی کە ئەفسەرانی پۆلیس ڕاهێنان لەسەر ئەخلاقی پیشەیی، مافەکانی مرۆڤ و تەکنیکەکانی لێکۆڵینەوەی مۆدێرن وەردەگرن چونکە؛ پۆلیس بنەمای سەرەکیی سەرکەوتنە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، لەبەر ئەوەی پۆلیسی باش ڕاهێنراو دەتوانێت بە شێوەیەکی زانستی بەڵگە کۆبکاتەوە و پرسیار لە تۆمەتباران بکات، و ڕەچاوی پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ و یاسا بکات، ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە زیادکردنی متمانەی کۆمەڵگا و کاریگەریی لێکۆڵینەوەکان باشتر دەکات.
- سەروەری نیشتمانی و بێلایەنی: بنەمای سەرەکیی کارکردنی وڵاتانە لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، بۆیە هەر وڵاتێک مافی بڕیاردانی لەسەر کارە ناوخۆییەکانی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا، بێلایەنیی پۆلیس لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ پاراستنی دادپەروەری گرنگە، هەروەها پۆلیس لە چوارچێوەی سەروەری نیشتمانیدا کاردەکات ودەستوەردانیشی لە بابەتە سیاسی یان سەربازییەکان قەدەغەیە.
- هاوکاری نێودەوڵەتی: هاوبەشکردنی زانیاری و لێپێچینەوە لە سنوور بەزاندنی تاوانە ڕێکخراوەکان.

هەرواها لە میانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا دەتووانین ستانداردەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بەرپرسیارێتی تاوانکاری: قەدەغەیە هەرکەسێک ناچار بکرێت کە گوفتار بدات لە دژی خۆی یان دان بە تاوانەکەیدا بنێت، لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، بەرپرسیاری بە هۆی تەمەن، هۆشیاری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت، ئەمە یارمەتی دادگا دەدات بۆ بڕیارێکی دادپەروەرانە.
- چارەسەرکردنی نەوجەوانان: ڕەچاوکردنی نەوجەوانان پێویستی بە کارکردنی هاوبەش هەیە لە نێوان خێزان، قوتابخانە و کۆمەڵگا. پەروەردەی باش، چاودێریی دایکان و باوکان، و دروستکردنی دەرفەتی کار و چالاکیی وەرزشی دەتوانن ڕێگری لە تاوان بکەن.
- بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا بە دۆزینەوەی ڕاستی و سزادانی تاوانباران لە چوارچێوەی یاسا و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان پەیوەستە. بۆ ئەمەش، دەوڵەت پێویستە دامودەزگا پیشەییەکان وەک پۆلیس، دادگا و دادوەر دابمەزرێنێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە و شەفاف. هەروەها، دەبێت لە ناحەق تۆمەتبارکردنی تاکەکان ڕێگری بکرێت و مافەکانی قوربانیانی تاوان بپارێزرێت. لە کۆتاییدا، ئەرکی دەوڵەت تەنها سزادانی تاوانباران نییە، بەڵکو بەهێزکردنی متمانەی گشتی و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەش لە ڕێگەی پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکانە. (Open I, 2026).
- بەکارهێنانی هێز (پێویستی و ڕێژەیی): لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا دەبێت سنوردار و بە یاسا بێت، پۆلیس تەنها لە کاتی پێویستدا دەتوانێت هێز بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی خۆی و خەڵک، بەکارهێنانی هێزی زۆر یان نایاسایی دەتوانێت مافی مرۆڤ بشکێنێت و متمانەی کۆمەڵگا کەم بکات، بۆ ئەوەی کردەوەی بەرگریکردن ڕێگە پێدراوبێت، دەبێت ئەم بەرگرییە پێویست بێت بۆ دووربوون لە مەترسی، ئەمەش گریمانەی ئەوە درووست دەکات کە هەموو ئەو کردەوانەی کە بەرگریکار هەڵیدەبژێرێت ڕێگە پێدراو نین، بەڵکو تەنها ئەو کارانە ڕێگە پێدراون کە مەترسییە نزیکەکە دوور دەخەنەوە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە جۆر و سروشتی مەترسییەکە پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی فیزیکی هەیە بۆ بەرپەرچ دانەوەی، وە هیچ ئامرازێکی تری شەرعی لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی نەتوانێت مەترسییەکە لاببات جگە لە بەکارهێنانی هێز (گۆرۆنی، 2025: لا ٢٥٦).

لە ئەنجامی تێوردبوونەوەمان لە ئەم بنەمایانە، ڕوونە خاڵی هاوبەشی هەن لە نێوان یاسا ناوخۆیی و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، کە جەخت لە پاراستنی مافی مرۆڤ، ئازادیی تاکەکەسی و پیشەیی و بێلایەنی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دەکەنەوە، و دەبنە هۆی بەهێزکردنی ئەم بنەما گشتییانە و ڕێگری لە پێشێلکردنیان.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

### ٢,٢,٢. چاودێریی دادوەری لەسەر ئەرکی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییدا

سنووری دەسەڵاتەکانی پۆلیس بە پێی یاسا ناوخۆیی و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان دیاریکراون، بەڵام پێویستیان بە چاودێرییەکی تۆکمەی دادوەری هەیە بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوون بە یاسا و پاراستنی ئازادیی تاکەکان، ئەم چاودێرییە کە لایەنی کارگێڕی و دادوەری دەگرێتەوە، لە لایەن دەسەڵاتی دادوەری و بە تایبەتی داواکاری گشتی بە شێوەیەکی بێلایەن و کاریگەر جێبەجێ دەکرێت، چونکە پۆلیسی دادوەری لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەسەڵاتی سنووردارکردنی ئازادیی تاکەکانی هەیە (سارة، حسينة، 2018: لا 8).

هەروەك بە پێی ماددەی(40/ أ، ب)ی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی بەرکاردا هاتووە، ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری دەکەونە ژێر چاودێریی دادوەری لێکۆڵینەوە، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

- (ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری هەڵدەستن بە کارەکانیان لە سنووری پسپۆڕییەکانیان، لە ژێر سەرپەرشتیی داواکاری گشتی، بەپێی حوکمەکانی یاسا.

ئەم دەقە یاساییە سنووری دەسەڵاتی ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری، بە تایبەتی پۆلیس، دیاری دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە کارەکانیان دەبێت لە چوارچێوەی پسپۆڕی و ناوچەی دیاریکراودا بێت و لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی داواکاری گشتیدا ئەنجام بدرێت، هەروەها ڕێکارەکانی وەک دەستگیرکردن و پشکنین تەنها دەبێت بەپێی یاسا جێبەجێ بکرێن، بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ڕێگری لە زێدەڕۆیی هێزە ئەمنییەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا.

- ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری، دەکەونە ژێر چاودێریی دادوەری لێکۆڵینەوە و بۆی هەیە داوابکات لەو لایەنەی کە پەیوەستن پێوەی، بە سەیرکردنی هەر سەرپێچییەك لە ئەرکەکانی یاخود کەمتەرخەمی لە کارەکەیدا و دادگایکردنی بە شێوەیەکی بەرزەفتیانە، ئەمەش زیان بە دادگایکردنیان بە شێوەی سزایی ناگەیەنێت، ئەگەر شتێکیان ئەنجامدابوو کە بە تاوان دادەنرا).

لە شیکردنەوەی ئەم ماددەیەدا دەردەکەوێت کە هەموو ئەندامانی بەرزەفتی دادوەری لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتیدان و هەر یەکەیان دەبێت لە سنووری دەسەڵات و پسپۆڕی خۆیدا کار بکات. هەروەها، دادوەری لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی چاودێری و لێپرسینەوەی هەیە بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە یاسا و لێکۆڵینەوە لە هەر سەرپێچییەک. لەلایەکی دیکەوە، پۆلیسی دادوەری وەک یەکەم لایەنی گەیشتن بە شوێنی تاوان، ئەرکی پاراستنی شوێنی تاوان و کۆکردنەوەی بەڵگەکان هەیە، بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ داواکاری گشتی خۆش بکات تا بڕیارە یاساییەکان بە شێوەیەکی دروست بدرێن (سارة، حسينة، 2018: لا 8).

کەواتە دادوەری لێکۆڵینەوە و داواکاری گشتی ئەرکی چاودێری پۆلیسیان لە ئەستۆدایە بەم شێوەیە، چاودێریی دادوەری: بریتییە لە چاودێریکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری لە پێناو دڵنیا بوون لە هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە بە شێوەیێکی یاسایی و هێنانەدیی داد پەروەری، بەم شێوەیەی خوارەوە:

#### ١,٢,٢,٢. چاودێریکردنی یاسایی بوونی ڕێکارەکان:

دادوەری لێکۆڵینەوە چاودێری ڕاستەوخۆی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دەکات بۆ دڵنیابوون لە ڕێزگرتن لە یاسا و پاراستنی مافەکانی تۆمەتباران و قوربانییەکان، هەروەها چاودێری یاسایی بوونی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە دەکات، وەک: گەڕان، لێپرسینەوە و دەستگیرکردن. بۆیە ئەو بەڵگانەی بە شێوەیەکی نایاسایی بەدەست هاتوون قبوڵ ناکرێن، بەمەش دادپەروەری مسۆگەر دەکرێت و گەرەنتی ڕەوایی ڕێوشوێنە تاوانکارییەکان دەکات (سرور، ٢٠١٦: لا ٤٨٩).

- ڕەدکردنەوەی بڕیار و ڕێکارەکانی پۆلیس کە نایاسایین: دادوەری لێکۆڵینەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە سەرپەرشتیکردنی کردەوەکانی پۆلیس لە کاتی لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکاندا. دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی بڕیار و ڕێکاری نایاسایی هەیە، وەک گەڕانی نایاسایی یان دەستگیرکردن. ئەم چاودێریکردنە ئامانجی پاراستنی ماف و ئازادیەکان و دەستەبەرکردنی یەکپارچەیی بەڵگەکانە، بەجۆرێک ئەو کارانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی ئەنجام دەدرێن لە دادگادا قبوڵ ناکرێت (هەمان سەرچاوە: لا ٤٩٢).

- وەرنەگرتنی ئەو دانپێدانانەی بە زۆر وەرگیراون: لە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا، ئەو دانپێدانانەی کە بە زۆر وەرگیراون بە پوچەڵ هەژمار دەکرێن، لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوەدا، ئەگەر سەلمێندرا کە دانپێدانانەکە بە ڕێگەی نایاسایی بەدەست هاتووە، دادوەر بە نادروستی دەزانێت و لە بەڵگەکان دوری دەخاتەوە، بەمەش مافی تۆمەتبار دەپارێزێت و یاسایی بوونی ڕێ وشوێنەکان مسۆگەر دەکات و دادپەروەری تاوانکاری بەدەست دەهێنێت (الجبوري، 2018: لا 214).
- پوچەڵکردنەوەی هەر ڕێکارێکی پێچەوانەی یاسا: هەروەك لە ماددەی (127)ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی بەرکاردا هاتووە (دروست نییە هیچ هۆکارێکی ناشەرعی بەکار بهێنرێت، بۆ کارتێکردنی تۆمەتبار بۆ بەدەست هێنانی دان پێدانانی و بە هۆکاری ناشەرعی ئەژمار دەکرێن، خراپ ڕەفتار کردن و هەڕەشە و ئازاردان هەست جوڵاندن و بەڵێن و پەیمان و کارتێکردنی دەروونی و بەکارهێنانی بێ هۆشکارییەکان و سەرخۆشکردن و دەرمان).

چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوە گەرەنتییەکی بنەڕەتییە بۆ یاساییبوونی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری؛ چونکە دادوەر دەسەڵاتی پووچەڵکردنەوەی هەر ڕێکارێکی نایاسایی هەیە، وەک دەستگیرکردنی نایاسایی یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، هەروەها بەڵگە و ڕێکارە پێچەوانەکانی یاسا وەرناگیرێن بۆ پاراستنی یەکپارچەیی سیستەمی دادوەری، بە گوێرەی ئەم دەقەی سەرەوە هەر ڕێکارێک لە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری گەر هاتوو دەرکەوت پێچەوانەی یاسا بوو، ئەوا پێویستە لەسەر دادوەرەکە پووچەڵی بکاتەوە و وەری نەگرێت.

**٢,٢,٢,٢. چاودێری لەسەر ئازادییە تاکە کەسییەکان:**

چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوە ئامانجی پاراستنی ئازادییەکانی تاک هەیە، بە چاودێریکردنی ڕێکارەکانی وەک گرتن، دەستبەسەرکردن و گەڕان، بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە یاسا و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا:

- بەرزکردنەوەی دۆسیەی کەسی دەستگیرکراو لە کاتی یاسایی خۆی: بە پێی ماددەی (123)ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی، نابێت لە بەرزکردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە دواکەوتن دروست بکرێت، بۆ پاراستنی ماف و کاتی تۆمەتبار و ڕێگری لە زیانی دەروونی.
- پشکنینی یاسایی بوونی گڵدانەوە: لە ڕوانگەی چاودێری دادوەریدا، پاڵپشت بە ماددەی (2/17) لە دەستوری عێراقی هەموارکراودا.[٢١] چاودێری دادوەری لێکۆڵینەوە ئامانجی ڕێگرییە لە هەر پێشێلکارییەکی نایاسایی دژ بە تۆمەتبار، بە دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی دروستی ڕێکارە یاساییەکان و ئەنجامدانی پشکنین و گڵدانەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بۆ پاراستنی مافەکانی تۆمەتبار و گەرەنتیکردنی دادپەروەری لە پرۆسەی دادگایکردندا.
- ئازاد کردنی کەسەکان لە کاتی نەبوونی بەڵگەی پێویست:

جا بەپێی ماددەی (130/ب)ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی عێراق، ئەگەر بەڵگەکانی لێکۆڵینەوە بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار تەواو نەبن، دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبار یان داخستنی کاتیی پەڕاوی لێکۆڵینەوە دەدات لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست.

## ٣. دەرەنجامەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک لە بارەی ڕۆڵی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان:

[٢١] . لە ماددەی (٢/١٧)ی دەستووری عێراقی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە: (پیرۆزی ماڵەکان پارێزراوە و ناتوانرێت بچێتە ژوورەوە و پشکنین و دەست تێوەردانی بکرێت مەگەر بە فەرمانی دادوەر، بە پێی یاسا نەبێت).

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iq Volume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

١. ڕۆڵی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە بۆ هاوسەنگکردنی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لە ڕێگەی ئاشکراکردنی تاوان و سزادانی تاوانباران، و پاراستنی مافەکانی تاک لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ.
٢. پەیماننامە و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بوونەتە پێوەری جیهانی بۆ هەڵسەنگاندنی کاری پۆلیس، بۆیە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی تەنها بە یاسا ناوخۆییەکان سنووردار نییە، بەڵکو پێشێلکارییەکان لەم قۆناغەدا دەبنە هۆی لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی و کەمبوونەوەی شەرعیەتی دەزگا ئەمنییەکان.
٣. دانپێدانان یان بەڵگەی وەرگیراو لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی پۆلیس کە لەژێر فشار، هەڕەشە یان ئەشکەنجە بەدەست هاتبێت، پووچەڵ دادەنرێت. ئەمە ئەرکی پۆلیس قورستر دەکات بۆ پشتبەستن بە شێوازە زانستییە یاساییەکان لە لێکۆڵینەوەدا.
٤. پێویستە بیرکردنەوەی کلاسیکی پۆلیس لە دەسەڵاتی سەرکوتکردنەوە بگۆڕێت بۆ پاراستنی سەروەریی یاسا.
٥. کەمکردنەوەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەلایەن پۆلیسەوە، پێویستە پشتبەستن بە لێپرسینەوەی زارەکی کەم بکرێت و جێگرەوەیەکی وەک تەکنەلۆژیای سەردەم، زانستی بەڵگەناسی و پشکنینی DNA زیاد بکرێت، کە ئەمە وردی لێکۆڵینەوە زیاد دەکات و لە گومانەکانی فشار و ئەشکەنجەش دوور دەخاتەوە.
٦. ڕۆڵی پۆلیس لە لێکۆڵینەوەدا تەنها پشت بەستن بە توانای خۆی بەس نییە، بەڵکو پێویستی بە چاودێرییەکی ورد و بەردەوامی دادوەری (داواکاری گشتی و دادوەرانی لێکۆڵینەوە) و هەروەها چاودێری کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. ئەم چاودێرییە وەک فلتەرێک کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە دەسەڵاتی بێ سنوور و پاراستنی دادپەروەری لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا.

**4. پێشنیازەکان**

1. گرنگە هۆشیاریی یاسایی لە نێوان ئەندامانی پۆلیسدا بەرز بکرێتەوە، تاکو پابەندبوون بە دەقە یاسایی و ڕێزگرتن لە مافەکانی تاک ببێتە بەشێکی سەرەکیی کارەکانیان.
2. پێویستە میکانیزمێکی کارای سکاڵاکردن و لێپرسینەوە لە سەرپێچییەکانی پۆلیس دابمەزرێت، بۆ زیادکردنی متمانەی گشتی بە دەزگا ئەمنی و دادوەرییەکان.
3. باشترە یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری نوێ بکرێنەوە، بە جۆرێک هاوگونجاو بن لەگەڵ پێداویستییەکانی قۆناغی ئێستا و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.
4. پێویستە دەسەڵاتەکانی پۆلیس لە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا بە شێوەیەکی وردتر سنووردار بکرێن، بۆ ڕێگری لە هەر جۆرە پێشێلکارییەک بەرامبەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان.
5. گرنگە چاودێریی دادوەری بەسەر کار و ڕێکارەکانی پۆلیسدا بەهێز بکرێت، بەتایبەتی لە بارەکانی دەستگیرکردن، لێپرسینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکاندا.
6. باشترە هاوکاریی نێوان دەزگا ئەمنی، دادوەری و دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤ زیاتر بکرێت، بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی دادپەروەری و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکان.
7. گرنگە توێژینەوە و خوێندنەوەی ئەکادیمی زیاتر لەسەر ڕۆڵی پۆلیس و سنووری دەسەڵاتەکانی ئەنجام بدرێت، بۆ پەرەپێدانی سیستەمی دادپەروەری و پاراستنی سەروەری یاسا.

٥. لیستی سەرچاوەکان
١ – کتێبەکان:
إسماعيل محمود أحمد الشواني (٢٠٢٣)، *المسؤولية الجنائية لمحقق الشرطة، دراسة مقارنة*، ط. ١، القاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع.
محمد سعيد محمد الرملاوي (2013)،*الشرطة، ما لها وما عليها، درساة فقهية تطبيقية معاصرة*، ط. 1، الإسكندرية، دار الفكر الجامعي.
محمود صدر الدين ميران (٢٠٢٥)، *مدخل للعلوم والثقافة العسكرية*، ط. ٢، أربيل، مكتبة تەبايي.
سردار علي عزيز (٢٠١٤)، *ضمانات المتهم أثناء الاستجواب*، ط. ١، القاهرة، المركز القومي للإصدارات القانونية.
أحمد فتحي سرور (٢٠١٦)، *الوسيط في قانون الإجراءت الجنائية*، القاهرة، دار النهضة العربية.
عثمان مصطفى گۆڕۆنی (٢٠٢٥)، پێوەرە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان لە بەکارهێنانی هێز و چەکی ئاگرین لە لایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان، خوێندنەوەیێکی شیکاریی بەراوردکارییە، سۆران،بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاو کردنەوەی سۆران.
٢- گۆڤارەکان:
عثمان مصطفى عبدالله گۆڕۆنی (٢٠١٨)، جريمة تعذيب المتهم لحمله على الاعتراف، مجلة توێژەر ج. 1، (1)، 541 – 581.
كاضم عناد حسن الجبوري (٢٠١٩)، العقوبات الانضباطية في القانون الجنائي لقوى الأمن الداخلي، *مجلة جامعة بابل للعلوم الإنسانية*، (١)، ٦٠ – ٧٩.
يوسف ناصر حمد الظفيري (٢٠٢٠)، الضبط الإدارى وحدود سلطاته فى الظروف العادية والظروف الإستثنائية، *مجله البحوث القانونية والاقتصادية*، (٧٤)، ١٤٩٩ – ١٥٤٩.
٣ - ماستەرنامەکان:
كرميش سارة، ميموني حسينة (2028) □□□□□□□□ □□□□ □□□□□□ □□□□□ □□□□□□ □□□□□□□□□، رسالة ماجستير، جامعة قالمة 8 ماي 1945.
٤ - پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان:
Human Rights Standards and Practice for the Polic, 2004.
(Open I, 2026)
الأمم المتحدة، مدونة لقواعد سلوك الموظفين المكلفين بانفاذ القوانين، 1979.
الأمم المتحدة، مدونة لقواعد سلوك الموظفين المكلفين بانفاذ القوانين، 1979.
پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦.
مبادئ أنديز لإجراء التحقيقات والمقابلات الفعالة، ٢٠٢١.
مؤتمر الأمم المتحدة الثامن لمنع الجريمة ومعاملة المجرمين، هافانا، 1990.
٥ – یاسا نێوخۆییەکان:
یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١.
یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2011.
یاسای دەستووری عێراقی هەموار و پەسەندکراو لە ساڵی ٢٠٠٥.
یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخو ژمارە (١٨) ی سالی ٢٠١١.
یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١١ی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان . عێراق.
یاسای ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠١٦ ی وەزارەتی ناوخۆی عێراق.
یاسای سزادانی عێراق ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.
یاسای وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستانی – عێراق، ژمارە (6)ی ساڵی 2009.

- **Publisher:** Legal and Political Studies Center at the College of Law, University of Sulaimani/ Kurdistan Region of Iraq , **ISSN (Print): 2309-3447**, **ISSN (Online): 2309-3447**
- **Journal Websitehttps: https://jlps.univsul.edu.iqVolume:**[14], **Issue:**[2],**Year** [2026], **DOI:** https://doi.org/10.17656/jlps.10380
- **Submission Date:** [25/3/2026], **Revised Date:** [29/5/2026], **Accepted Date:** [7/6/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

٦ – وێب سایتەکان:
ضياء عبد الله عبود الجابر الأسدي (٢٠١٨)، تعرف على الجريمة المشهودة وحالاتها في القانون، {ئۆنلاین}، دوا ڕێکەوتی سەردان لە: https://share.google/XQSdFFgTgorTJlf57 .